www.kurdistannet.org
25-4-2006 14:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاوڕدانەوەیەک لە یاریزانە دێرینەکان محەممەد علی سەعید (حەمە بچکۆل) ... ئەنوەر خەراجیانی




ئەنوەر * کاک محمەد ئەگەر بتوانیت کورتە باسی ژیان نامەی وەرزشی خۆتمان بۆ باس بکەیت لەگەڵ نازناوت من ناوم محمەد علی سەعیدە ساڵی 1951 لە شاری سولێمانی لە گەرەکی چوارباغ لە دایک بووە. ناز ناوەکەشم (حمە بچکۆل) لەمەوە هاتووە، بە تەمەن منداڵ بووم بەڵام لە کاتی یاری کردندا زۆر بەتوانا بووم لە ساڵی 1961 دەستم کردووە بە وەرزش یەکەمین تیپی میلیی ئەوسەردەمە کە یاریم تێدا ئەنجام داوە تیپی مەهاباد و هەڵۆ ساڵی 1966 هەڵبژاردەی پەروەردە و یانەی سولێمانی بووم تا ساڵی 1971 یاری فوتبوڵ و باسکەم کردووە. لە هەمان ساڵیش دا ئامادەی پیشەسازی سولێمانیم تەواو کردووە، لەبەر نەچوونم بۆ سەربازی بووم بە یاری زانی یانەی پۆلیسی سولێمانی تا ساڵی 1974 بەردەوام بوو دوای شۆڕشی ئەیلول دورخرامەوە بۆ شاری دیوانیە.

ساڵی 1967 تا ساڵی 1980 یاریزانی هەڵبژاردەو یانەی سولێمانی بووم، لە زوربەی یاریەکاندا ڕوڵی بەرچاوم هەبووە، زۆرترین گۆڵم تۆمار کردووە تا ئێستا لە مێژووی تۆپی پێی سولیمانیدا نزیکەی 400 گۆڵم تۆمار کردووە لە یاریەکانی یانە وهەڵبژاردەی سولێمانی. ئەوکەسانەی کە یارمەتی دەرم بوون لە بواری وەرزشدا ئەم بەڕێزانە خوالێخوش بوو کاک فایق قەساب و کاک علی ئەحمەد تەها چەند کەسێکی دڵسۆزی تربوون پاشان شەهیدی قارەمان مامۆستا یاسین کاری تێکردم کەوا ببم بە یاریزانی هێرش بەر واتە لە خۆشەویستی ئەو قارەمانە بوو، لە ساڵەکانی 1980 بەدواوە وازم لە یاریکردن هێنا بەڵام نەم توانی لە یاریگا دوور بکەومەوە هەوڵم دا ببم بە ڕاهێنەر.

لەو ماوەیەدا توانیم مەشق بدەم بە یانەو هەڵبژارەدەی سولێمانی بەڵام لەسەردەمی ڕاهێنەریم دا تۆپی پێ زۆر لەدواوە بوو بەهۆی زروفی سیاسی ناوچەکە کە زۆربەی یاری زانان ڕوویان لە شاخ کردبوو یان بەرەو هەندەران ڕۆشتبوون یاریزانە باشەکان نەمابوون لە ناو شارەکاندا یان بەهۆی زینداننکردنی زۆر لە یاریزانان، تەماشاکەریش ئارەزووی تەماشاکردنی یاریان نەما بوو، من بێجگە لەوەرزش دەستی نووسین و شعریشم هەیە زۆر جارلە ڕۆژنامەکاندا نووسینەکانم بڵاو کراونەتەوە نووسینەکانم زیاتر پەیوەندی بە وەرزشەوە هەیە، کاری ئێستام ڕاهێنەری تیپی بێچوە شێرانی پێشمەرگەم، بەڵام بەردەوام یاری دەکەم بۆ تیپی تەمەند زۆرەکان. یەک هیوام هەیە لە ژیانمدا حەزم دەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان خولێکی ڕاهێنەریم ببینیایە لە دەرەوەی وولات تاوەکو بم توانایایە جارێکی تر خزمەتی شارەکەم و کوردستان پێبکردایە، وا هەست دەکەم ئاستی وەرزش بەرەو دوا دێت بەتایبەتی تۆپی پێ لە دوای ساڵی 1974 رەوە یانەی سولێمانی نەگەشتۆتە پلە نایانی عێراق.

ئەگەرئێمە هەوڵ بدەین بۆ درووست کردنی ڕاهێنەری باشی خۆمان پێم وایە زۆر باشترە لەو ڕاهێنەرانەی کەوا بەپارەیەکی خەیاڵی دێن مەشق بە یانەکان دەکەن کە هیچ دڵسۆزیەکیان پێوە دیار

www.kurdistannet.org
25-4-2006 14:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
نییە بۆ یانەکانی کوردستان ئەو پارە زۆرەی لەو ڕاهێنەرە عەرەبانە سەرف دەکرێت نیوەی ئەو پارەیە لە کەسانێکی بە تواناو سەرف بکەن باشترە بۆخولی ڕاهێنەری لە دەرەوەی وولات تا بتوانرێت ئاسی وەرزش بەرەو پێشەوە بڕوات لە هەموو بوارێکدا.

ئیتر من لە کۆتایدا زۆر سوپاسی تۆی بەڕێز دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە. زۆر سۆپاس بۆ بەرێزتان

ئەنور خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت




هەڵبژاردەی سلێمانی ساڵی 1969 لە یاریگای شەریکەی نەوتی کەرکوك
لای ڕاست لەسەرەوە / ئیبراهیم قاسم / ڕەزاقە سوور / بەهادین / گۆڵچی عسمان شێخ محمد
فارووق / (حمە بچکۆل) عەلی لەتیف / عەلی مەعسوم
دانیشتووەکانی لای ڕاسی تایەر لەتیف / دلێر / بەهادین / عومەر / سەلاح محمد / عومەر